

# ئایفۆن کاری تەلەفۆنی نۆرماڵیش دەکات

بە پەرەسەندن و زۆر بوونی مۆبایل، تەلەفۆنی نۆرماڵ ئەو گرنگییەی جارانی نەما، هەرچەندە لە زۆر وڵاتدا تەلەفۆنی نۆرماڵ گرنگیی خۆی لە دەست نەداوە. کۆمپانیایەك هەوڵیداوە مۆبایلی ئایفۆن و تەلەفۆنی نۆرماڵ پێکەوە گرێبدا، لە ئامێرێکی تایبەت بەناوی iFusion کۆ بکاتەوە. ئامێرێکە هەروەك تەلەفۆنی نۆرماڵ دەچێت، بەڵام لەبری ئەوەی کە وایەر هەبێت، مۆبایلی لەناو دادەنرێت هەروەك لەوێنەکەدا دەبیندرێت. بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەنگ زۆر باشتر دەبیسترێت، ئەو چێژەی کە تەلەفۆنی نۆرماڵ هەیەتی لە ئاخاوتندا ئەو چێژە دەبەخشێت. جگە لەوەش دەکرێت بەهۆیەوە گوێ لە گۆرانییەکانی ناو مۆبایلەکە بگیرێ.



## ئاداپتەری وایەرلەیسی مایکرۆسۆفت

مایکرۆسۆفت چالاکییەکانی هەر لە بواری داهێنانی سیستەمی ویندۆز و پرۆگرامەکانی ئۆفیسی تایبەت بەخۆی چڕ نەکردۆتەوە، لەم چەند ساڵەی دواییدا چالاکییەکانی مایکرۆسۆفت زۆر لەوانە زیاتر بووە.

لەم ماوەیەدا مایکرۆسۆفت ئاداپتەرێکی وایەرلەیسی خستە بازاڕەوە کە بەهۆیەوە دەتوانرێت وێنە و فیلمەکانی سەر مۆبای و تەبلێت و لاپتۆپ بەبێ وایەر لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن نیشان بدرێن. تەنیا ئەوەندە بەسە کە ئاداپتەرەکە بەهۆی کێبڵی USB یان HDMI بە تەلەڤزیۆن یا مۆنتیۆر یان پرۆژکتۆر پەیوەند بدرێت. ئاداپتەرەکە لەگەڵ سیستەمی ئەندرۆید و ویندۆز 8 دەگونجێت.

## هێدستی سامسۆنگ

نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر چاویلکە سیحراوییەکەی گوگڵ کەوتە بازاڕەوە، چاویلکەیەك کە دەلاقەیەکی نوێی لە جیهانی تەکنەلۆژیادا کردەوە، ئەمساڵیش هاوشێوەی چاویلکەی گوگڵ، سامسۆنگ هێدستی سیحراوی بەناوی Gear VR خستە بازاڕەوە، هێدستی ناوبراو ئامێرێکی واقیعی مەجازییە، هەروەك لە وێنەکە دیارە هەرکە لە چاو بخرێت شاشەیەکی سەرنج راکێش دێتە پێش لەبری دوو



# پێنووسێکی هۆشمەند دەنگ تۆمار دەکات

سـەردەمی بە دیجیتاڵ بوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەموو شتێك بەرەو هۆشمەندبوون و زیرەکبوون هەنگاو دەنێت، لە ماوەیەدا پێنووسـێکی ژیـرۆك هاتۆتەبەرهەم و لەگەڵ ئەوەیـدا وەك قەڵەمێك هەموو شـتێکی پێ دەنووسـرێت، لەکاتی نووسـیندا دەنگیش تۆمار دەکات، پێنووسەکە ئەو یادداشـتانەی کە دەیاننووسـی لەخۆیدا خەزنی دەکات و دواتـر دەتوانرێت لە کۆمپیوتەردا خـەزن بکرێت. بەهۆی کێبڵی micro USBیەوە دەتوانیت پێنووسەکە بە مۆبایل، یان تەبلێت پەیوەند بدرێت و شـەحن بکرێتەوە. میمۆری پێنووسـەکە توانای خەزن کردنـی 800 کاتژمێر دەنگی تۆمارکـراوی هەیـە. جگە لەوەش شاشـەیەکی جۆری OLED لەسـەرە بۆ ئاسانکاری بەکارهێنانی پێنووسەکە.



## تکایە وزەی پێویستم بۆ بەرێ بکە!

یەکێـك لـە خزمەتگوزارییەکانـی کۆمپانیاکانـی مۆبایـل ئەوەیە کـە دەتوانیت لـە مۆبایلێکەوە بۆ مۆبایلێکـی دیکە یەکە (وحدە)ی پێویسـت بەرێ بکرێت، ئەی ئەگەر مۆبایلەکەت شەحن واتە وزەکەی دابەزی، دەکرێت لە مۆبایلێکی دیکەوە شـەحن بگوازرێتەوە؟ وەڵامەکەی کۆمپانیای سامسـۆنگ دایەوە بە داهێنانی کێبڵی Power sharing دەتوانرێت وزە لە مۆبایلێکەوە بۆ مۆبایلێکی دیکە، یان بۆ ئامێرێکی دیکە بگوازرێتەوە. کێبڵەکە راست وەك چەتاڵی نێوان دوو ئۆتۆمبێل دەچێت، کاتێك یەکێکیان باتری دادەبەزێت ئەوەی تریان دەتوانێت وزەی پێویسـت بۆ بەگەڕکەوتنەوەی ئۆتۆمبێلەکە دابین بکات. کێبڵی پاوەر شـرینگ هەرچەندە وەك داهێنان رەنگە ئەوەندە گرنگ نەبێت، بەڵام لەکات و سـاتی خۆیدا بەتایبەتی ئەوکاتەی کە لە شـوێنێکی و دەسـتت بە هیچ وزەیەك راناگا بۆ شەحنکردنەوەی مۆبایلەکەت رۆڵی خۆی دەبینێت.




## ـــــان چاویلکەی گوگڵ

چاوی چاویلکە دێتە بەرچاوت، شاشـەکە کوالیتی QHD یە. ئامێرەکە بەبێ وایەر بە ئامێرەکانی سامسـۆنگ وەك گەلەکسی و تەبلێت دەبەسترێتەوە. بەهۆی هێدستی ئاماژە بۆ کراو شاشەیەکی سێ دوری دێتە بەرچاوت، کە دەتوانی بەهۆیـەوە یاری بکەی، دەنگ کەم و زیاد بکەی، بەهۆی کامێرای پشـتەوەش دەتوانی دەوروبەری خۆت ببینی.

# ئایپادەکەت بکە بە سکاینەر





سکاینەر، ئامێرێك کە داتاکانی سـەرکاغەز دەکاتە داتـای دیجیتالی و لە کۆمپیوتەردا هەڵی دەگرێت، سـکاینەرەکان جۆر و قەبارە و تواناییان جیاوازە، پێشـووتر سـکاینەر تەنیا تایبەت بوو بە کۆمپیوتەر، بەڵام ئەمڕۆکە سـکاینەری مۆبایل و تەبلێتیش کەوتوونەتە بازاڕەوە، وەك سـکاینەری جۆری Iconvert کە تایبەتە بە ئایپاد. سکاینەری ئاماژە پێدراو وەك داکێـك وایە کە تەبلێتی ئایپاد دەکات بە سکاینەرێك کە هەڵبگیردرێت. کاتێك کە ئایپادەکە لەسەر ئەم داکە دادەنرێت، دەکرێت، وێنە و دۆکیۆمێنتەکان سکان بکەی. فایلەکان راستەوخۆ دەچنە ناو ئایپادەکەوە. وردبینی لە سـکان کردندا 300 DPIیە. فایلە سـکانکراوەکان راسـتەوخۆ لە فۆڵدەرێك تایبەت بە وێنە خەزن دەبن.

## پرۆگرامێک بـــــ




لە بەشـی پرۆگرامناسی فایلی ئایتیدا گەلێك جاران باسـی ئەو پرۆگرامانەمان کردووە کـە ئەرکیان ئەوەیە فیلم لە شاشـەی کۆمپیوتەر هەڵبگرنـەوە، کە زۆربەیان ئەرکەکانیان وەك یەك دەچێت. پرۆگرامی ZD soft screen recorder ئەویـش لە ریزی ئەو پرۆگرامانە دێتە ژمار کە ئەرکی هەڵگرتنەوەی فیلمە لە شاشە. پرۆگرامی ناوبراو دەتوانێت لەشاشـەی کۆمپیوتەرەکەتان فیلم بە کوالیتی بـەرز هەڵبگرێتەوە. ئەم پرۆگرامـە بەهێزە تەواو ئەرکی کامێرایەکی فیلم هەڵگرتنەوە ئەنجام دەدات دواتر دەتوانی فیلمە بە چ کوالیتییەك حەزت لێیەتی خەزن بکەی. توانای هەڵگرتنەوەی فیلم لە یارییەکان گرنگترین تایبەتمەندی

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکـی بەڕێز دەپرسـێت: ئایا ئەگـەر کۆمپیوتەرەکەم ریسـتۆری restore بکەمەوە، ئەو ڤایرۆسـەی کـە هاتۆتە ناو کۆمپیوتەرەکەم دەسڕێتەوە؟

خوێنەری بەڕێز restore کردن واتە گەڕاندنەوە بۆ دواوە لە زۆر حاڵەتدا زۆر بەسوودە، بۆ نموونە چەند رۆژێك لەمەوبەر فایلێکت لەسـەر کۆمپیوتەرەکەت سـڕیوەتەوە، دەتوانی بیگەڕێنییەوە، یان چەند پرۆگرامێك کە سـڕیوتەوە، یـان زیادت کردوون، بۆ ئەمانە بە سـوودە، بەڵام ڤایرۆس و ترۆجان هیچ کاتێك بە گەڕاندنەوەی کۆمپیوتەر بۆ دواوە هەتا بۆ ئەو کاتانەی کە کۆمپیوتەرەکەشـت ڤایرۆسـەکەی نەچۆتە سەر، ناسـڕدرێنەوە، چونکە ڤایرۆسەکان دەسـتبەجێ خۆیان لەگەڵ سیسـتەمی ویندۆزەکەت یەکپارچە دەکەن، تەنیا بە ئەنتی ڤایرۆس دەسڕدرێتەوە.



## لاپتۆپێکی تایبەت بە یاری ئەلکترۆنی

ئـــەوە یەکەمجار نییە کـــە لاپتۆپێ تایبەت بە یاری کردنی ئەلکترۆنـــی لەم لاپەڕەیەدا زانیاری لەبارەی بڵاو دەکرێتەوە. لاپتۆپی گەیمی ئەلکترۆنی دەبێت لە هەموو بوارێکدا تایبەت بن و لەبواری سوفتێر و هاردوێرەوە لە لوتکەدا بن.

کۆمپانیای XPTIC PC کە لە ساڵی 1999ـەوە چالاکییەکانی لەبواری بەرهەم هێنانی لاپتۆپتی تایبـــەت بە بازرگان و رۆژنامەنووس و دیزاینـــەر و گەمەی ئەلکترۆنی بەرهەم دێنێت، لەم ماوەیەدا جۆرێکـــی نوێی لەلاپتۆپ هێنایە بەرهەم کە بە PHANTOM X1 خســـتە بازاڕەوە. لاپتۆپی ناوبراو لـــە بواری هاردوێر واتە پارچە پێکهێنەرەکانی کۆمپیوتەرەوە زۆر لەســـەرێیە. نوێترین پرۆسیســـەری کۆمپانیای ئەنتەلی لەســـەرە، کارتی گرافیکی بەهێزی GeforceGTX860M لەســـەرە، شاشەکەی نزیکـــەی 16 ئینجە، رامەکەی 8 گیگابایتە و دەکرێت بکرێتـــە 16 گیگابایتیش. هاردەکەی یەك ترابایتە. دوگمەکانی کیبۆردەکەی تایبەتن و هەرکامیان گلۆپی LED سووریان لەسەرە.

## ـــــــۆ فیلم هەڵگرتنەوە لە شاشە

پرۆگرامەکەیە کە بۆ بەکارهێنەران گرنگی خۆی هەیە و دەکرێت بۆ خێرا سوود وەرگرتن لە پرۆگرامەکە دوگمەی تایبەتی بۆ دابنێی. بەشێکی دیکەش لەتایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- توانای فیلم هەڵگرتنەوە لە شاشەی کۆمپیوتەر بەبێ ئەوەی کە سیستەم خێرایی دابەزێت.
- توانـــای چڕکردنـــەوە بۆ ئـــەوەی کـــە زیاتر فیلم هەڵبگریەوە.
- توانای کات دانان بۆ دەستپێك و کۆتایی
- تۆمارکردنی دەنگ لـــە چەندین رێگاوە و گونجان لەگەڵ گشت سیستەمەکانی ویندۆز.



## سایتی گەورەترین ئەرشیف لە جیهاندا

ئینتەرنێـــت جیهانێکـــی بێ ســـنوور و بەرفراوانە و ئەرشیڤی تایبەت بەخۆیشـــی هەیە. سایتی ئەرشیفی جیهان ســـایتێکە هەر بەو ناوەی واتـــە archive.org ئەم ســـایتە هەڵگری 2 پتابایت داتایە بۆ زانیارییەتان (هەر پتابایتێـــك پێکهاتووە لە 1024 ترابایت). لەم ســـایتەدا ئـــەوەی لە ئینتەرنێتدا ئەنجام درابێ تێیدایە، بۆ نموونە حەز دەکەی 3 ســـاڵ لەمەوبەر ئەو ســـایتەی ســـەردانی دەکەی ســـتایلەکەی چۆن بووە و چ زانیارییەکی تێدا بووە. لەم ســـایتەدا بە ملیۆنان فیلم و گۆرانـــی هەڵگیردراوە و بە ملیۆنان یاری کۆن و نوێی تێدایە، هەر زانیارییەك کە خرابێتە ســـەر ئینتەرنێت لەم ئەرشیفەدا هەڵگیردراوە.